# ماچ

**یاڵمار سوێدەربێری***
وەرگێڕانی لە سویدییەوە
حەمەسەعید حەسەن

کیژۆڵەیەک و کوڕێکی منداڵکار لەسەر بەردێک، لە کەناری زەریاچەیەک دانیشتبوون. جار جار شەپۆلی ئاوەکە پێیەکانیانی تەڕدەکرد. دوو بە دوو بێدەنگ دانیشتبوون، بیریان دەکردەوە و سەرنجی ئاوابوونی خۆریان دەدا.

کوڕە بیری لە ماچکردنی کچە دەکردەوە و بە مەبەستەوە لە دەمولێوی ورد دەبووەوە. کچە کوڕی لەو جوانتری بینیبوو، ڕاستییەکەی حەزی لە یەکێکی دیکە بوو، بەڵام هەرگیز ماچی نەکردبوو، چونکە ئەو نموونەیەکی باڵا بوو، ئەستێرە بوو، ئەستێرەش دەستی ئینسانی ناگاتێ.

کچە بیری لەوە دەکردەوە کوڕە ماچێکی بکا، تا هەلێکی وای بۆ هەڵبکەوێ بە ڕاستی لێی تووڕە ببێت و نیشانی بدات کە چەند سووکە لەبەر چاوی. کچە ویستی هەڵبسێت، خۆی هەڵبکات، سەرنجێکی ساردی پڕ لە سووکایەتی پێکردنی تێ بگرێت و بە هێمنی، ڕاست ڕێی خۆی بگرێت و بڕوات، بەڵام لەبەر ئەوەی نەک کوڕە لە مەبەستی تێنەگات، لەسەرەخۆ گوتی:

- پێت وایە لە دوای ئەم ژیانەوە ژیانێکی دیکەش هەیە؟

کوڕە وای بۆ چوو ئەگەر بە ‹ئا› وەڵام بداتەوە، ماچکردنەکە ئاسانتر دەکەوێتەوە، بەڵام نەیدەزانی ئەگەر وەڵامەکەی کارەکەی دژوارتر کرد، دواتر چی بڵێت و لەوەش دەترسا بکەوێتە ناکۆکییەوە، بۆیە سەرنجێکی قووڵی چاوانی کچەی دا و پێی گوت:

- بڕوام بە هەلی کورتخایەنی هێندەی چاوتروکاندنێک هەیە.

ئەم وەڵامە کچەی تەواو قایل کرد و بەرەو زەریای بیرکردنەوەی کێش کرد: بە هەر حاڵ حەزم لە قژیەتی، نێوچاوانیشی، تەنیا ئەوەی جێی داخە لووتی ناشیرینە، خاوەنی پلە و پایەیەکی کۆمەڵایەتیش نییە، خوێندکارە، کەسێکی وا نییە دەستەخوشکەکانم ئێرەییم پێ ببەن.

کوڕە وای بیر کردەوە: ‹ماچی دەکەم› بەڵام ترسێکی قووڵ دایگرتبوو، لە ژیانیدا کچی وا پەروەردەکراوی سەر بە خێزانێکی ناسراوی ماچ نەکردبوو، بۆیە بیری بۆ ئەوە دەچوو، دەشێ ئەمە کارێکی ترسناک بێ.

باوکی کچە، کە پارێزگاری شار بوو، لەو نزیکانە لە جۆلانەیەکدا نووستبوو.

کچە بیری کردەوە: لەوانەیە چاکتر وابێ هەر کە ماچی کردم، زللەیەکی لێ بدەم. بە ڕاست بۆچی ماچم ناکات؟ تۆ بڵێی هێندە ناشیرین و خوێنسارد بم! خۆی چەماندەوە تا لە ئاوەکەدا خۆی ببینێت بەڵام شەپۆلێک وێنەکەی شێواند.

کچە لەسەر بیرکردنەوە بەردەوام بوو: ئاخۆ کە ماچی کردم هەست بە چی بکەم؟ ڕاستییەکەی دوای یەکێک لە ئاهەنگەکانی شار ئەفسەرێک تاقە جارێ ماچی کردبوو، بەڵام ئەوەندەی خواردبووەوە، هێندەی جگەرە کێشابوو، بۆنی گەلێ ناخۆش بوو. بێ گومان ئەفسەرەکە ویستبووی نەختێ دڵی خۆش بکات، بۆیە ئەو تاقە ماچەی کردبوو. ماچەکەی خۆش نەبوو بەڵام بە هەر حاڵ ئەفسەر بوو، ئەگەرچی ئەم بوغزاندی، چونکە دواتر نە بۆ خوازبێنی هات و نە خۆی تێگەیاندەوە.

خۆر ماڵئاوایی کرد و تاریکی هێدی هێدی هێرشی هێنا، کچە و کوڕەش هەر دانیشتبوون و بیریان

دەکردەوە.

کوڕە وای بۆ چوو: خۆر ئاوابووە و دنیایش تاریکی کردووە، کەچی هێشتا هەر لە تەنیشتمەوە دانیشتووە، کەواتە پێ دەچێ پێی ناخۆش نەبێ ماچی بکەم.

کوڕە بە ئەسپایی قۆڵی درێژکرد و لەسەر شانی کچەی دانا، کچە بیری لەمە نەکردبووەوە، پێی وابوو کوڕە بێ پێشەکی یەکسەر ماچی دەکات، ئەمیش زللەیەکی لێ دەدات و هەڵدەستێت وەک شازادەیەک دەڕوا. ئێستا نەیدەزانی چی بکات، دەیویست لێی تووڕە ببێت، بەڵام حەزیشی نەدەکرد ماچەکەی لە کیس بچێت، بۆیە هەر وەک پێشتر بە هێمنی دانیشتبوو، ئیدی کوڕەش ماچی کرد.

کچە هەستێکی زۆر سەیرتر لەوەی چاوەڕوانی بوو، دایگرت. هەستی بە لاوازیی و ماندووێتی کرد و هەر بیری نەما کە زللە بهاوێت و کە کوڕە قوتابییە و شتی تر.

کوڕە بیری بۆ ئەوە چوو، لە کتێبێکدا کە لە نووسینی دۆکتۆرێکی خواپەرستە، سەبارەت بە جیهانی ئەوینی ئافرەت نووسراوە: ‹پێویستە ئادەمیزاد تا دەگاتە نێو ئامێزی ژنومێردایەتی خۆی ڕابگرێت و نەبێتە کۆیلەی هەست و ئارەزووەکانی.›

کوڕە بیری لەوە کردەوە کە تاقە ماچێ هێندە کاریگەر بێ، کەواتە بەسەر خۆدا زاڵبوون، کارێکی زۆر دژوارە.

کاتێ مانگ هەڵات، ئەمان هەر دانیشتبوون و یەکدیان ماچ دەکرد. کچە بە گوێی کوڕەیدا چرپاند:

ـ کە تۆم بینی هەر لە یەکەم سەرنجەوە خۆشمویستی.

کوڕەش گوتی:

ـ بۆ من جیهان بێجگە لە تۆ هەرگیز کەسی دیکەی تێدا نەبووە.

*

* یاڵمار سوێدەربێری (١٨٦٩ ـ ١٩٤١) لە ڕۆمانەکانیدا بە شێوەیەکی هارمۆنی پەستی و گومان بەرجەستە دەکات. قارەمانە سەرەکییەکانی کەسانی ڕەشبینن ، بە گاڵتەجاڕییەوە لە ڕاستییەکانی ژیانی ڕۆژانە ڕادەمێنن، خەڵکانی بێ داڵدەن و ئاواتێکی دیاریکراویان نییە، تا چالاکانە ئامبازی بوون بن.

ڕۆمانی: لاوێتیی مارتین بێرک (١٩٠١) کە تا ئەندازەیەک ژیننامەی نووسەرەکەیەتی، تێیدا نووسەر خەو بە ئەوینەوە دەبینێت و باس لە نائومێدی و بێهوودەیی ژیان دەکات. ستۆکهۆڵم کارەکتەرێکی سەرەکیی کارەکانی سوێدەربێرییە، لە: دوکتۆر گڵاس (١٩٠٥) و گەمە ڕاستەقینەکە (١٩١٢) دا، گەلێ وێنەی زیندووی شەقام و باخچە و باڕەکانی ستۆکهۆڵمی کێشاوە.

سوێدەربێری نووسەرێکی ڕەشبینە، بەڵام قۆشمە و وریاییەکی ئاشکرا و بەهێزیش بە بەرهەمییەوە دیارن. لە دوا قۆناغی ژیانیدا ڕەخنەی لە ساختەچێتیی ناو کڵێسا گرتووە و لە دوا ساڵەکانی تەمەنیشیدا کەوتووەتە دژایەتیکردنی نازیزم، کە ئەو سەردەمە لە گەشەسەندندا بووە.

شێوازی نووسینی ئاشکرا و ساکارە و تەواو پڕ بە پێستی ئەو دیاردانەیە کە باسیان لێوە دەکات و یەکێکە لە ڕیزی پێشەوەی ئەو نووسەرانەی لە ئەدەبی سویدیدا ئەسپەکێویی ئەو شێوازە نووسینەیان ڕام کردووە.

سوێدەربێری بە شێوازەکەی خۆی کە بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتی کورت لەبارە، گەلێ چیرۆکی کورتی نووسیوە. کورتەچیرۆکی: ماچ، کە یەکەمین جار لە گۆڤاری Söndag Nisse دا بڵاوکراوەتەوە، لێهاتوویی سوێدەربێری نیشان دەدا کە بە شێوازێکی گاڵتەئامێزی تەنک و بە وشەی کەم وێنەی ڕەوشت و شێوەی بیرکردنەوەی هاوچەرخ دەکێشێ. وەک چیرۆکنووس لە زۆر ڕووەوە لە چیخۆف و مۆپاسان دەچێ.*

* Harriet Riserus, Åke Sandahl och Sune Sjärnolf Mål 3 s. 165 _ 168 Stockholm 1988